# بەرەنگاری و ڕەنگدانەوەی
# لە شیعرەکانی- کامران موکری- دا

**م.ی. سەرحەد حوسێن مستەفا** **پ.ی.د.عوسمان عەبدول مەعروف بەرزنجی**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی
Sarhad..mustafa@universul.edy.iq osmanmaruf@univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئەم بابەتە ئاماژ بەوە دەکات، کە پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە پێی گەلان و نەتەوەکان جیاوازە، چونکە لای میللەتانی سەردەستە زۆر ستەم و ناڕەوایی هەیە، کە دەرحەق بە میللەتانی ژێردەستە دەکرێت و لای ئەوان بەدی ناکرێت، وەکو جیاوازی نەتەوایەتی و زوڵم و ستەمی ناڕەوا، کە بەرامبەر بەنەتەوە بن دەدەستەکان دەکرێت، بەتایبەتی لە دەسەڵاتە شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستەکاندا.

بەڵام بەنسبەت جیاوازی چینایەتییەوە، لەزۆربەی دەسەڵاتەکاندا، ئەوە بەدی دەکرێت، هەر چەند پرۆپاگەندەی مرۆڤدۆستی دەکەن.

ناونیشانی باسەکە ((بەرەنگاری و رەنگدانەوەی لەشیعرەکانی کامەران موکری)) یەو لەسێ باسی سەرەکی پێکدێت :

**باسی یەکەم: بەرەنگاری کلتوری:**

باس لە کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەکات، کە لەلای هەندێ لە شاعیر و رۆشنبیرەکان، کۆمەڵێ لەو زوڵم و ستەمەی بەناوی ئایین و داب و نەریتەوە لێیان دەکرێت، کە دوورن لە هەموو بەهایەکی ئایینی و مرۆڤایەتییەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا، ئەو داب و نەریتە نەتەوایەتییانەی، کە رەنگدانەوەی بنەما و بوونی نەتەوەن، لایان رۆشن دەکەنەوە و بە پیرۆزی، هەڵیان دەسەنگێنن.

**باســی دووەم: بــەرەنگاری داب و نــەریت لــە هۆنراوەکــانی – کامەران-دا :**

لەم تەوەرەدا، شاعیر زۆر بەتوندی هەندێ لەو داب و نەریتانە رەتدەکاتەوە، کە لەبەرژەوەندی چینێک، یان کۆمەڵە کەسێک، سەپێنراون بەسەر زۆربەی کۆمەڵگادا، بەزمانی زبر و بەهەڵوێستە مرۆڤدۆست و نەتەوەییەکەی خۆی بەرپەچیان دەداتەوە و خەڵکی لێ هۆشیار دەکاتەوە، تا بەرەنگاریان ببنەوە.

**باسی سێیەم: بەرەنگاری جیاوازی چینایەتی نەتەوایەتی:**

-کامەران-ی شاعیر، جوامێرانە هەڵوێست و بەرەنگاری توندی نواندووە بەرامبەر هەر زوڵم و ستەمێک، کە رووبەرووی نەتەوەکەی بۆتەوە، جا ئیتر کێشەی چینایەتی بێت، یاخود کێشە و گرفتە نەتەوایەتییەکان بێت، چونکە هەرگیز وەک سەیرکەر نەیڕوانیوەتە چەرمەسەرییەکانی نەتەوەکەی، بەڵکو هەمیشە بەگژ هەموو نادادییەکدا چۆتەوە و چەندەها جار زیندانیکردنی، گەواهی ئەو راستیانەن.

**وشە سەرەکییەکان:** بەرەنگاری - کلتور - داب و نەریت .

**پێشەکی:**

بەرەنگاری یان بەرپەرچدانەوەی ئەو کار و کردەوە ناپەسەندانەی، کە دەرحەق بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکرێت، ئەویش لە لایەن دەسەڵات و خەڵکانی دوور لە هەستی مرۆڤایەتییەوە دەوەشێتەوە و بێسڵەمینەوە غەریزە نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆیان لەبەرامبەردا خاڵی دەکەنەوە؛ جا ئیتر ئەو غەریزانە دژ بەنەتەوە و کەسانی بندەست بن ، یاخود لایەنە شەرەنگێزی و خۆبەزلزانی و بوغرابوون بان دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەو کار و کردوە ناپەسەند و ناڕەوایانە.

هەر بۆیە بەرامبەرەکانیشیان، کە زۆر هەراسان و زوڵم لێکراو دەبن، ئیتر ئارامیان نامێنێ و بەرپەرچیان دەدەنەوە و ئەو بوارەش لای ڕووناکبیران و شاعیرانی نەتەوەکە دەبێتە بابەتێکی هەژێنەر و تاکەکانی کۆمەڵ ئاگاداردەکەنەوە و وورەیان پێدەبەخشن، تاوەکو بەرەنگاری ئەو زۆڵم و ستەمە ببنەوە و هەڵوێتی مەردانە وەربگرن .

یەکێک لەو شاعیر و ڕووناکبیرانە -کامران موکری- ی شاعیر و ڕووناکبیری بە هەڵوێست خۆنەویستی نەتەوەکەمانە، کەلەم توێژینەوەیەدا ((بەرەنگاری و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی –کامەران موکری–دا)) وەک بابەتێکی ئەکادیمی ئاوڕمان لێداوەنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە: پوختەی توێژینەوە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بابەتەکەمان بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە:

باسی یەکەم: بەرەنگاری کلتوری .

باسی دووەم: بەرەنگاری داب و نەریت لە هۆنراوەکانی –کامران–دا.

باسی سێیەم: بەرەنگاری جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی .

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا گرنگیمان بەشێوازی وەسفی شیکاری و زۆر جاریش ڕەخنەیی داوەتەوە.

**باسی یەکەم// بەرەنگاری کلتوری:**

ئەدەبی بەرەنگاری کاتێک دێتەبوون، کە دۆخی نایەکسان لە هەر لایەکی ژیاندا هەبێ و شاعیریش بەتوانابێ لە گوێزانەوەی بۆ ناو بەرهەمەکانی.

لە مێژووی دێرینەوە، ئەم جۆرە، لە هۆنراوە هەبووە، چونکە لە کاتی جەنگدا دەکرایە سروود و گۆرانی و سەربازان پێی سەرسام دەبوون، لەم سەدەیەشدا لای عەرەبەکان گرنگی پێدراوە، هەر بۆ نموونە شاعیرانی عەرەب (محمود دەروێش، جواهری، غسان کنفانی،...) لای کوردیش نموونەمان زۆرە لەوانە (خانی، نالی، سالم، پیرەمێرد، ئەحمەد موختارجاف، بێکەس، دیلان، ...هتد)

دیارە هەر نەتەوەیەک کلتوری تایبەت بە خۆی هەیە و هەندێ جاریش کلتوری نەتەوەیەکی باڵادەست بە تایبەتی نەتەوە سەردەستەکان لە کلتوری نەتەوەیەکی تردا ڕەنگدەداتەوە، یاخود دەسەپێنرێت، بەتایبەتیش ئەو کولتورانەی پابەندن بە ئایینەوە، چونکە ((کلتور سیستەمی ڕۆشنبیری و داب و نەریتەکان دەگرێتەوە، کە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و جێگیر دەبێت)). (عبید، ٢٠١٤، ٨) .

ڕۆشنبیری هەر کۆمەڵێک، چەند پەیوەستە بە ئێستای هۆشیارییەوە، هێندەش ڕابردووی کۆمەڵایەتی (باک گراوند) ڕۆڵی تێدا دەبینێت و دەبێتە سەرچاوەی دنیابینی نەوەی ئێستا و ئایندەش ((کولتور و ئەدەبی کوردی پەیوەندیەکی دوو جەمسەریان لەنێواندا هەیە، چونکە ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو بەشەکانییەوە توانیبێتی کولتوری کوردی بپارێزێت، ئەوا کولتوریش سەرچاوەیەکی بەپیت بووە بۆ ئەدەبیاتی کورد و درێغی نەکردووە لە ئیلهام بەخشین بە شاعیرانمان و بوون بەکەرەستەی شیعرەکانیان)). (عبید، ٢٠١٤، ٨٣)

مـەرجیش نیـە شـاعیر پەیوەسـتی تـەواوبێ بـە کولتـوری نەتـەوە و دەوروبەرەکەیـەوە، چونکـە بـەرەنگاری بـۆ خـۆی نـەگونجانی شـاعیرە بـەهۆی هۆشـیاری تاکەکەسـی بـەو داب و نەریتانـەی کـە بـێ بنـەمای ڕاست و بە سوود ئاوێتەی ژیانی خەڵک بووە.

مانـای وشـەکانیش بـە گـوێرەی قۆنـاغی ژیـانی نەتـەوە و گـەلان دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە مانای فەرهەنگی کولتور جیاوازە لەو ڕۆڵ و مانایـەی کـە ئێسـتا دەیبینێت. هـەر کۆمـەڵێک لەسـەر زەمـین خـاوەنی ناسـنامە و سـیمبوڵ و کولتـوری ڕۆشـنبیری خۆیـەتی ((کولتـوری ڕۆشـنبیریش بریتییـە لـە کـۆی نموونـە ڕۆشـنبیرییەکانی کۆمـەڵگا، کـە نـەوەکان لـە نـەوەی پـێش خۆیـان وەریـدەگرن، ئـەم جـۆرە کولتـورە لـە گرنگترین جۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، چونکە پاڵنەری کۆمەڵگایە بۆ بەرەو پێش کەوتن)). (عبید، ٢٠١٤، ١٦) .

لەبەر ئەوەی شـاعیری ڕۆشـنبیر ناتوانێت لەگـەڵ سـەرجەم کایـە و لایەنەکانی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا بژێت، ئیدی هەڵوێست و بیری بـەرەنگاری کولتـوری لای کەسـان و شـاعیران سـەرهەڵدەدەن، چونکـە ((شـیعری بەرەنگاربوونـەوە لــە جەوهــەردا بریتییــە لــە شــیعری هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەڵایـەتی و جۆشـدانی گیـانی تێکۆشـان و خـەبات دژی هـەموو زوڵـم و زۆر و سـەرکوت کردنێکـی نەتەوایەتی و چینایەتی. لە ڕووی زەبر و زەنگدا و ڕەفزکەری واقیعی ژێر دەسـتەییە لەگـەڵ پەرەسـەندن و ژیانـەوەی هەسـتی نەتەوایـەتی و تیژبوونەوەی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا)) (عومەر، ٢٠٠١، ٢١) .

لەبەرهـەمی ئـەدەبی بەرەنگارییـدا دەقـی ئـەدەبی و شـیعر جگەلـە زمان و پەیامی باڵای هونەر و ئەدەب، پێویست دەکات شاعیر ڕەچاوی ئاسـتی ڕۆشـنبیری خـەڵک بکـات، چونکـە ((شـاعیری بـەرەنگاری لەبـەر ئەوەی ڕوو دەکاتە خەڵکانێک کە مەبەستیانە پێش ئەوەی بیر لە هونـەر

و وردەکاری شیعر بکەنەوە، بیر لە ژیان و مانەوە بکەنەوە، ناچارە بە زمانێک بنووسێ نەک هەر نزیک بێ لە واقیع، بەڵکو دەبێ خودی واقیعیش بێ، کاتی تەنگانە شیعری توند و ڕاستەخۆی دەوێ)) (خۆشناو ، ٢٠٠٢، ١٩٦).

کەواتە شاعیری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە چەندە بەسۆزە بۆ خاک و نەتەوەکەی، بەو ئەندازەش هۆشیارە بۆ بە ئاگاهێنانەوەی هاوزمانەکانی لە کولتور و داب و نەریتی ڕزیو بۆ ئەوەی دوورکەونەوە لە هۆکار و سەرچاوەکانی نەهامەتی و دواکەوتنی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، ئەمەش هۆنراوەی بەرەنگاری لێ لە دایک دەبێ، بەرەنگاریش (بەگژداچوونەوە) (موکریانی، ١٣٨٥، ٧٨).

واتە بەرهەڵستی دیاردە و دۆخێکی نەگونجاوە، شاعیری فەلەستنی مەحمود دەروێش دەڵێت ((شیعری بەرەنگاری دەربڕینێکە لە ڕەتکردنەوەی ئەمری واقیع)) (بەرزنجی، ٢٠١٣ – ٢٠١٤) .

ئەو لایەنانەش ئێمە دەمانەوێ لەسەری بوەستین و ئاماژەی پێ بکەین بریتیە لە هەردوو لایەنی:

أ) ئایینی

ب) داب و نەریت

کە چۆن تێڕوانینی کۆمەڵ و چینەکانی بەلایەنی نەگونجاو و ناسازییانەوە، لەڕێگەی ڕۆشنبیری و کولتوری ناوخۆیی و دەرەکییەوە دێنە نێو ئەو دوو لایەنەوە، شاعیر بەرهەڵست و بەرپەرچی ئەو دیاردە ناسازانە دەداتەوە و ئەو تێڕوانینانە ڕەت دەکاتەوە.

بەرهەڵستکردن و بەرەنگاریش بەتەواوەتی پێچەوانەی وەرگرتنی هەر بۆچوون و دیاردەیەکی نەگونجاوە، کە لەناو کۆمەڵدا دروست دەبن.

أ- بەرەنگاریی ئایینی لە هۆنراوەکانی کامەران موکریدا.

مەبەست لەبەرەنگاری ئایین دەقی پیرۆز یان بنەمابنچینەییەکانی ئاین نییە، بەڵکو هەموو ئەو کولتور و بەرژەوەندییە کەسیانەیە، کە لەپاڵ ئاییندا ڕەواجی پێدراوە.

شاعیر وەکو کەسێکی بەئاگاو هۆشیار بۆ بەرزی و تەمەن درێژیی بەرهەمەکەی، پێویستە تا ئەندازەیەکی زۆر ئاگاداری مێژووی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی گەلەکەی بێ، چونکە ئەگەر وانەبوو، ئەوا بەرهەمەکەشی لە سۆزێکی کەسێتی و جۆرە وڕێنەیەکی خودی، هیچی تر نییە، کۆمەڵی کوردیش لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە پێکهاتووە لە (ئومی، شێخ، سەید، جوتیار، ئاغا، دەرەبەگ، کرێکار...هتد).

ئەم پێکهاتانە لایەنی ئابووری و ئاینی دروستی کردووە چونکە چینی باڵا (شێخ و دەرەبەگ) شێوازی ژیان و تێڕوانینیان بۆ دەوروبەر، جیاوازترە لە هەژار و جوتیار، ئەم دیدگا جۆراو جۆرانەش دەچنە ناو مزگەوت و داب و نەریت و لەسەر دەروونی وەرگریش ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کامەران لە دیوانێکی گەورەدا، لە بارەی سۆزی ئاینی (وەسفی پێغەمبەر و پیاوچاکان، بۆنە ئاینییەکان) هیچ هۆنراوەیەکی تایبەتی نیە، ئەوەش دەربارەی بیری بەرەنگاری ئاینییە، زیاتر لە هەردوو هۆنراوەی (شەڕی گەورە، پەنجەی ژیان) چەند لایەنێکی باس کردووە .

زمانی شاعیریش بۆ بابەتەکان جیاوازە لەگەڵ زمانی پیاوێکی ئیمانداری بەهێزدا، چونکە کامەران ڕەخنە و بەرەنگاری کردار و ڕەفتاری پیاوانی ئایینی دەبێ، کە وەکو تاکێکی بێ ویژدان دەدەکەون، واتە گفتۆگۆی کامەران دەرخستنێکی کۆمەڵایەتییە.

((زمان لەگەڵ ئەو شتانەدا گفتوگۆ دەکات، کە لەگەڵ سەمت و مەرجەعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێ، کەچی شیعر ئەو سەمتە کۆمەڵایەتیە

تێک دەدا )) (کۆمەڵی نووسەر، ٢٠٠١، ٢٢٤) .

واتە شیعر لە ڕێگەی زمانی باڵای خۆیەوە، هەروەک چۆن زمانێکی باڵاتر و بە ئاوازترە بە بەراورد بە زمانی ئاسایی، هەر بەو شێوەش گرنگی شیعر لەوەدایە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ دەقی بەستوی دیدگاکان فراوانتر دەکات و دەیکاتە مەیدانی خەیاڵ و دارشتنێکی نوێتر.

کامەران لە یەکێ لە هۆنراوەکانیدا بە ناونیشانی (شەڕی گەورە)، بە شێوازێکی ورد شاعیر سەرەتا باس لە مزگەوت دەکات وەکو جوگرافیایی (شوێنی) بە شەڕهاتنی دوو هەژار و دواتر ئەوە دەخاتەڕوو، کە گرنگی و ڕۆڵی مزگەوت بەرامبەر ژیان و ژانی هەژاران بێ سوودە و دەڵێت:

لەدالانی مزگەوتێکا
برسێتی دڵی ئەپێکا
زەردەپەڕی ڕەنگ ئاگرین
ڕژایە ناو حەوزێکی شین
لەسەر بەردە نوێژێکی پان
یەکێ دەستی کرد بە بانگدان
ئاوازەی ورتەی خواناسین
هەڵئەسا، ورد، مات و غەمگین (کامەران، ١٩٥٩، ٤٣).

شاعیر لەم دێرانەدا کاتی نوێژ و شوێنی مزگەوتی، وەکو کۆڵەگەیەکی ئاینی خستوەتەڕوو، چونکە ئاواز و ورتەی خواناسین، کە جێگەی هیوای چاکەخوازی و هاوکارییە وەسفێکی کەش و هەوای مزگەوتە بەگشتی، تاکو ئێستاش لە کوردەواریدا دەرۆزەکەر (سواڵکەر) وەک جێگەیەکی شیاو بۆ پەیداکردنی بڕێک دراو ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەن. شاعیر دوای وەسفی شوێن و کاتی بانگدان، باس لە دۆخی دەروەزەکەرەکان دەکات و دەڵێت:

دوای ئەوەی نوێژ کۆتایی هات
دوو کوێری بەسزمانی مات
کام وشە گەرمە زۆر بەتین
کامیان دڵ دێنێتە لەرزین
ئەیان ڕشتە گەرووی داڵان
ڕستیان ئەکرد بۆ لەتێ نان (کامەران، ١٩٥٩، ٤٤).

هاواری هەژار لە جەنجاڵی کات و ناو مزگەوتدا دەبێ کاریگەری لەسەر (نوێژخوێنان، مامۆستای مزگەوت) هەبێ بەشێوازێک ئایین چووبێتە ناو ڕۆحی خەڵکەوە، بۆ هاواری ئەو هەژارانە.

شاعیر درێژە بەوەسفی نەهامەتی دەرۆزەکەرەکان دەدات، کە لە ئەنجامی برسێتی و ناهۆشیاری دەبێتە شەڕیان، ئەویش بۆ کوتێ (پارچە) نانێکە:

لە ناوکاو بوو بەشەڕەدار
زریک و هووڕگرمە و هاوار
دلۆپێ خوێنی لەشی زەرد
ئەپژایە سەر دیواری بەرد
قەوما شەڕێکی ئێنجار زل (کامەران، ١٩٥٩، ٤٥).

وێنەی تراژیدیا و برسێتی هەژاران لە خانەی خواو ناو نوێژخوێنان چاوەڕوانی هاوکاری پیاوانی خوای لێدەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە.

تاهات مەلای، شۆخ چاوبەکل
مەلای پۆشتە و تێروتەسەل
دەری کردن بەپەلەپەل
هەندێ لەکوڕە دەوڵەمەن
کە هەیانە شتی دەگمەن

ئەیانفەرمووا!! شەڕی ئاوا
ناشیرینە بۆماڵی خوا (کامەران، ١٩٥٩، ٤٥).

شاعیر توانیویەتی بۆچوونی پیاوانی ئایینی و دەوڵەمەندان بەرامبەر بەهەژاران و برسی بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی بخاتەڕوو، بەڵام لە دوو دێڕی کۆتاییدا بە شێوازی پرسیار لە ژیانی ئەو هەژارانە دەپرسێ و بڕیاری دادگا لای خوێنەر بە جێ دەهێڵێ.

لام وابێ هەر ئەو شێوانە
بردیانن بۆ بەندیخانە
نازانم تێریان خوارد لەوێ؟
ئەمە پرسینێکی ئەوێ (کامەران، ١٩٥٩، ٤٦).

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا بەشێوەی پرسیار و تەنز ڕووی ڕاستەقینەی ژیانی نەداران (هەژاران) لە سایەی مزگەوت (کۆمەڵ) نیشان دادات.

لێرەدا ئەوەی دەخرێتە بەر پرسیارەوە ڕۆڵی (مزگەوت و پیاوانی ئاینییە) بۆ چاکسازی ئابووری کۆمەڵایەتی و بۆ هاوسەنگ کردن و کەمکردنەوەی نەهامەتی هاوئاینیانی خۆیان. ئەوەیش هۆنراوەکە دەکاتە بەرەنگاری، دوو دێڕی کۆتای هۆنراوەکەیە، کە بێگومان بێبەها کردنی پیاوانی بەناو موسڵمان و مەلای مزگەوتە و نەبوونی کاریگەری قووڵە لەسەر کۆمەڵگا لە لایەنی ئاینییەوە بەگشتی.

چونکە ڕۆڵ و پێگەی مزگەوت، ئاوێتەکردنی ڕۆحی نوێژکەرانە بە ڕۆژی دوایی و هاندانیان بۆ چاکەکاری، بەڵام لەکۆی هۆنراوەکەدا ئەو کردارەمان نەبینی. یەکێکی تر لەهۆنراوە بەرەنگارییەکانی ئایینی بریتییە لە هۆنراوەی (پەنجەی ژیان) .

شاعیر لەسەرەتای هۆنراوەکەیدا، وەسفێکی زۆری ماڵی پیاوە پیرە (دەوڵەمەند)ە کە دەکات، کە کچێکی منداڵی بۆ دەخوازرێت و خونچەی

گـەنجێتی و ئـاواتی هەڵـدەوەرێنن. دواجـار دەچێتـە نـاو باسـکردنی کارەساتەکەوە و دەڵێت:

گوڵی ئاواتی هەڵوەران
بەچی!!! بەپارەی نەختێ نان!!
کچی مناڵی جوان...قژ زەرد
کچی نەشمیلانەی بێگەرد!!
لەتەلاری ئاوێنە بەن
تا نەختێ کردی بەشیوەن (کامەران، ١٩٥٧، ٥٩) .

شاعیر لە سەرەتادا هۆکاری ستەمکاریی بەرامبەر بە کچانی منداڵ، کە بە زۆر بە شوو دەدرێن، دەگێڕێتەوە بۆ سەروەت و سامانی پیاوانی دەوڵەمەند و (پیاوانی ئایینی)، چونکە لە ڕێگەی ئابووری و چینایەتیەوە هەژاران دەچەوسێنرانەوە.

شاعیر دووڕوویی (إزدواجیە) حاجی تازە زاوا نیشـان دەدات، کە ئـایین وەکو کەرەستەیەکی کۆمەلایـەتی لـە چوارچێوەی بەرژەوەنـدی سێکسـی و ئـابووری بـەکاردەهێنێت و بیروبۆچوونـە گلاوەکانیـان دەخاتەڕوو، چونکە جگە لەپیری تازەزاوا (مزگەوت، حاجی) دەخرێنە گۆشـەی گومانـەوە لـە بـەجێ نەگایانـدنی پـەیامی ئـایینی و مرۆڤایـەتی خۆیان.

حـاجی دوای بـە ئامـانج گەیشـتنی خـۆی (هێنـانی کیژۆڵەیـەک و تێرکردنی غەریزەی سێکسی) ڕوودەکاتە خانـەی خوا بۆ خواپەرستی، کە دوورە لە ناخییەوە.

ڕۆیشت...!!! بە زەلیلی بێ سرەوت
پیرەش،!! ڕووی کردە ناو مزگەت
وەکو جاران، نوێژی دابەست
پشتێنێکی ڕەنگ زەردی بەست!!! (کامەران، ١٩٥٧، ٥٩) .

جگە لە پێشاندانی دۆخی حاجی تازە زاوا، خاڵبەندی هۆنراوەکە خۆی ئاماژەی سەرسوڕمان و نابەجێی ئەو کارەساتەیە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە حاجی پشتێن زەرد گەیشتە مەرامی خۆی بەرهەڵستی گەنجان دەکات بۆ هەر دۆخێکی خۆشەویستی.

کچ و کوڕێک بە گوزەرا
هاتن، جلی جوان لەبەرا !
دوو فریشتەی دڵداری بوون
نەختێ بۆ گەشتی باخ ئەچوون
پیر، تفی کردەوە، ئینجا
وتی: (ئایا حەیا هەڵگیرا) (کامەران، ١٩٥٧، ٦٠) .

ئەگەر شاعیرانی کلاسیک ڕەخنەیان لە سۆفی و خەنەقا و تەکیە بێ، ئەوا کامەران ڕوو لە پیاوانی ئایینی دەکات و بەرەنگاری بەرژەوەندییە نامرۆڤایەتیەکانیان دەوەستێتەوە، ((شاعیر هەست و ژانەکانی کۆمەڵیش لە ئامێزدا دەگرێتەوە و وەک تاقیکردنەوەی دەروونی شاعیر و هەموو لایەکی کۆمەڵ پێکەوە لەدایک دەبن)) ئاکرەیی، ١٩٨٥، ٤٧ .

واتە شاعیر دەوروبەری لەوەها گرفت و کرداری نامرڤانە بە ئاگادێنێتەوە، لە بەرەنگاری کامەران، لەلایەنی ئاینیەوە ڕوو لەپیاوانی بەناو باوەڕدار دەکات، کە ئایین وەکو هەیە و داوا دەکات بچێتە ناو کۆمەڵ و ڕۆحی تاکەوە، ئەویش تەنها بە دەرخستنی لایەنە نامرۆڤاتیەکانی (بەرژەوەندیخواز) پیاوانی ئاینییە، لەگەڵ ئەوەشدا کامەران دژی هیچ بنەمایەکی ئایینی ئیسلام هۆنراوەی نییە.

**باسی دووەم// بەرەنگاری داب و نەریت لە هۆنراوەکانی کامەران موکریدا**

ئەگەر هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی باسکردن بێت لە مێژوو یان سەروەریی و خۆشەویستی خاک (نیشتمان) یان هاوزمانی (نەتەوە)، ئەوا بەرەنگاری بریتییە لە ڕەتکردنەوە و بەرهەڵستی دیاردەیەک یان دۆخێک، کە شاعیر دەوروبەرەکەی لێ هۆشیار دەکاتەوە، مەرجیش نییە هۆنراوەی بەرەنگاری بچێتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەی نەتەوەییەوە، چونکە بەرەنگاری چوارچێوەی نیشتمان و نەتەوەیش تێدەپەڕێنێ لایەنەکانی ژیانی ئافرەت و چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی جۆرێکن لەوانەی شاعیر بەرەنگاریان دەوەستێتەوە ((شیعری ڕیالیزمی کوردی بە پێچەوانەی شیعری قۆناغەکانی پێشترەوە ئاوڕدانەوەی لە ئافرەت تەنیا لە چوارچێوەی جوانی و دڵبەندبوونیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو وەک مرۆڤ لێی ڕوانیوە پێی وابووە بە بێ بەشداری پێکردنی ئەم ڕەگەزە پرۆسەی پێشکەوتن و شارستانیەت بەدی نایەت. هەر بۆیە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی کۆمەڵگا و داب و نەریتی کۆنەپەرستانە وەستاوە و کاری لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی کردووە)) (محەمەد، ٢٠١٤، ٢٤٢) .

لە کۆمەڵگەی کوردیدا داب و نەریت سەرچاوەکەی پێشینان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، چونکە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ئەوەنییە وەکو بوونی فیسۆلۆجی لەگەڵ لە دایکبووندا بێتە دنیاوە، داب و نەریتیش ڕەنگدانەوەی دۆخی ئایینی و ئابووری کۆمەڵگایە.

لەبەر ئەوەی ئابووریش بەشێکی گەورەی ژیانی خەڵکە، ئیتر تێڕوانین بۆ سەروەت و سامان یان چینی دەوڵەمەند و (ئاغا و دەرەبەگ) لای هەژاران و کۆی کۆمەڵگاش هەمەچەشنەیە.

هەر بۆنموونە کامەران لە پارچە هۆنراوەیەکدا، بەزمانی زبر دژی تێڕوانینی خەڵکانی ساویلکەیە (ڕەشۆک)، کە تەنها بە پارەوە نرخی

مرۆڤ هەڵدەسەنگێنن، هەر بۆیە دەڵێ:

لای ئێمە بەرزی هەر بە سامانە
نەبوونی سوکی و نزمی و تاوانە
کێ دەوڵەمەند بوو ئەڵێن بوو بە پیاو
وەکو پیاو نەبن ئەم هەژارانە

(کامەران، ١٩٦٨، ٢٩: سالح،٢٠٠٥، ٣٤).

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر ڕوو لەداب و نەریتی نابەجێی خەڵک دەکات و لاسەنگی تێڕوانینیان بۆ هەژاران بەرامبەر بە دەوڵەمەندان دەخاتەڕوو، ئەمەش وەکو داب و نەریتێکی ڕزیوی کۆمەڵ سەیرکراوە. شاعیریش بەرەنگاری دەوەستێ و هۆشیاری دەداتە هەژاران نەک دەوڵەمەندان.

شیعر دەبێ بۆ کۆمەڵ سوودی هەبێ، بەتایبەتی بابەتەکانی بەرەنگاری، چونکە پەیامی هۆشیاری هەیە لەبەر ئەوەی ((شیعر چرایەکە تاریکی ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە... سەرچاوەیەکە تا ئەبەد جوانی و ژیری لێ هەڵدەقوڵێ، شیعر پەچە لەڕووی جوانییەکی شاراوە لادەدات، شاعیران ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵن، پێش ڕەویانن لەژیاندا)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٧، ٧٨) .

ژیانی کۆمەڵیش هەر چۆنێک بێت، شاعیران بەشێکن لێی و دەکەونە بەرکاریگەریەتیەکەی و دواجار هەر ئەو ژیانە دەبێتە بەرهەمی هۆنراوەی شاعیران.

مەرجیش نییە شاعیر ڕازی بێت بە ئاستی هۆشیاری یان داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی و بە باشی دەزانێ یاخی بێ لە کولتوری داتەپیوی زاڵ، بەلام ((یاخی بوون دەبێ سوودی ئەو چینە چەوساوانەی تیادا بێت، نەک یاخی بوون هەر بۆ یاخی بوون بێت، وەیاخود بۆ داچەڵەکاندنی ئەم و ئەو بێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر ناوی

خۆی ببرێت)) (سابیر، ٢٠٠٦، ٦١٣) .

شاعیر نابێ کردار و شیعری جیاوازبێت لە کاتێکدا بەرەنگاری بۆنەیەک یان دۆخێک دەوەستێ، چونکە ئەوساتە تاقیکردنەوەی خودی لەبەرهەمەکەیدا نابێ و هۆنراوەیەکی لاواز و کاڵ و کرچ دەردەچێ.

لەهۆنراوەی (دڵداری کوڕە شوان)دا کامەران بەشێوەی گفتوگۆ لە نێوان کچە ئاغا و کوڕە شوان و باوکی کچەدا چەندین وێنەی تراژیدی باس دەکات، ئەویش لە ئەنجامی داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و بێ بەشکردنی گەنجان لە خۆشبەختی ژیان، بەهۆی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سەرەتای باسەکە بە دەربڕینی خۆشەویستی بێگەردی کچە ئاغایە بۆ کوڕە شوانی هەژار .

کچ: کۆشکەکەم بە قوربان خاکی ژێرپێتە
گیانە سەری من هەمیشە لە ڕێتە
کوڕەشوان کوڕەشوان دڵنیابە تۆ
دڵی من بۆ تۆیە و ناتکەم دەستخەڕۆ (کامەران، ٢٠١٣، ٤١٨).

هیچ کاتێک جیاوازی چینایەتی و داب و نەریتی کۆمەڵ ناتوانێت ببنە بەربەست لە بەرامبەر خۆشەویستی بێگەرددا، لە ئەدەبی کوردیشدا نموونە و داستانمان زۆرە.

دوای ئەوە کچە عاشق بوونی خۆی بۆ کوڕەشوان دەردەخات ئەویش بە خۆشەویستی، بەڵام بەترسەوە دێتە قسە و دەڵێ:

کوڕە شوان:
گیانەکەم، گیانەکەم کچۆڵەی ئاغا
چۆن وێرات بێیتە لام بێ ترس و پەروا
ناترسیت خەنجەری زۆرداری لەپڕ
بڕێژێ خوێنی دڵ بە لێزمە و خوڕ. (کامەران، ٢٠١٣، ٤١٨) .

ئەوەی لە هۆنراوەکەدا باسکراوە خۆشەویستیەکی دوو سەرەیە بە هیوای ئایندەی گەش و بەیەکترگەیشتن، بەڵام کولتور و داب و نەریتی چینایەتی ڕزیو دەبێتە ڕێگر لە بەرامبەر ئەو خۆشەویستیەدا، شاعیر هەوڵی داوە وێنەی ستەمکاری عەقڵیەتی خێڵ نیشان بدات و نووسینی هۆنراوەکەش، بۆ دەرخستنی ئەو دۆخە لاسەنگەیە هەر بۆیە باوکی کچ بەم شێوازە دێتەگۆ،

باوک:

مەیکوژن بیهێنن با لەگەڵ سزا
ئەو گیانە بۆگەنەی لەژینی دەرکا
با بەدار قەپرغەی بکەم بەخڕخاڵ
بە پشکۆ گلێنەی بکەم بە زوخاڵ
مەیکوژن، بە سوژن چاوی دەردێنم
بۆ نازە جەرگەکەی ئەبرژێنم (کامەران، ٢٠١٣، ٤١٩) .

ئەوەی بەرەنگاریی و دەرخستنی داب و نەریتە خراپەکەیە ئەم پارچەیەیە لە هۆنراوەکە، کە شاعیر بەناوی کچەکەوە دەیڵێ:

دەک بن بەقوربان پێی کرێشاوی
ڕەنجبەری برسی، پەنجەی خوێناوی
دەک بە قەمچیەکەی خۆتان پەتکرێن
بە پەنجەی کوڕی خۆتان بخنکێن (کامەران، ٢٠١٣، ٤٢١) .

لە هۆنراوکەدا جگە لە پیشاندانی خۆشەویستی دوو چینی جیاواز و بە یەکتر نەگەیشتنیان، لەبەر داب و نەریتی دواکەوتووی خێڵەکی، هاواری بەرەنگاری کچەکە دەرخەری بەرهەڵستکاری ئەو ڕەفتارانەیە، کچە دوا قسەشی ئەوە دەردەخات ئەوە هەژاری کوڕەکەیە، کە بووە بە گرفت لەبەر دابڕانیان و کوشتنی کوڕەکەش بە ناڕەوا دەزانێت و دەڵێت:

دڵدارە مەیکوژە، خەڵکە دڵدارە
بۆ کفرە دڵداری، چونکە هەژارە

ئەوەی خرایەڕوو کولتوری ڕزیوی کۆمەڵە، ئەویش لە ڕێگەی جیاوازی چینایەتی و دروستبوونی شێوازێکی نەگونجاو بۆ بونیادنانی ژیان و کوشتنی باوەڕ و ویستی جوانی ژیان دۆستی.

لە هۆنراوەکانیشدا زمانێکی ئاسان و بێ گرێ و گۆڵ بەکارهاتووە، بە شێوازێک وشەکان ئاشنان بە خوێنەران. هۆنراوەی کێش کورت و بێ گرێ و گۆڵ لای خەڵکی ئاسایی سوکتر لەبەر دەکرێت و بیریش ناچێتەوە، بەکارهێنانی کێشی برگەی خۆماڵیش لەجۆری (١٠) برگەیی هۆنراوەکەی بەسۆزتر کردووە ((کامەران کێشی سادەی بە ڕێژەیەکی بەرز بەکارهێناوە، زیاتر ڕوودەکاتە خەڵکە گشتیەکە)) (سەلام، ٢٠١٤، ٩٠).

لە هۆنراوەی بەرەنگاریدا شاعیر جگە لە پایە و سۆزی هونەری بەرهەمەکەی، پێویستە ئەوە بزانیت، کە هۆنراوەکەی وەکو وتارێکی سیاسی و کۆمەلایەتی پەیامی هەیە، ئەویش هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لەلاسەنگی کۆمەڵ لە دۆخە جیاوازەکان.

**باسی سێیەم// بەرەنگاری جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی**

ئەگەر ژیان و کۆمەڵ شانۆیەک بن، شاعیری بەرەنگاری تەنها کاری سەیرکردنی نمایشەکان نییە، چونکە لایەنە تاریک و نەگونجاوەکانی لە چوارچێوەی بەرهەمی شاعیردا وێنادەکرێنەوە، بۆ ئەوەی بینەرانی ئەو ساتە و دواتریش لە کۆسپ و لاسەنگیەکانی شانۆگشتیەکە بەئاگا و هۆشیار بن.

هەرچەندە هونرەی شیعر باڵا بێ، بەرهەمەکە نەمر و بەرزتردەبێ ((شیعرییەت پەیوەندی نێوان ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوەیە، بە

جۆرێک ئەگەر ڕۆنانی ژێرەوە و سەرەوە وەک یەکبن ئەوە شیعرییەت نامێنێ و ئەگەر جیاوازیش بن شیعرییەت دەردەکەوێ)) (حسین، ٢٠١٠، ٥٨٢) . خۆ ئەگەر بە پێوانەی ئەم پێناسەیەش بێ، شیعرییەتی دەقی بەرەنگاری ناگاتە شیعرییەتی دەقی ڕۆمانسی و خۆشەویستی. چونکە شیعری ڕۆمانسی جوانکاری گرنگی یەکەمیەتی و هۆنراوەی بەرەنگاری ڕوو لە زۆرینە و چینی چەوساوە دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا لەم جۆرە هۆنراوانەدا، هاوشانی ئەدەبیەتی دەقی ئەدەبی بیر و هۆشیاری پێویستن.

بەکورتی هۆنراوەی بەرەنگاری لەڕووی وشە و ماناوە ڕوونییەکی پێوەدیارە، بەڵام لە کۆمەڵگەشدا پاڵنەرێکی کاریگەرە. کامەرانی شاعیر لە زۆر بابەتی بەرەنگارییەکانیدا بە وێنە فۆتۆگرافیەکەی باری لاسەنگی کۆمەڵ پیشان دەدات و بڕیاریش لای خوێنەری هۆشیار بەجێ دەهێڵێ، هەندێکجار توندی هەڵوێستی کامەران هونەر و پەیامی هۆنراوەکەشی لاوازکردووە، هەر بۆ نموونە با لەم پارچە هۆنراوەیە بڕوانین، کە جۆرێکە لە بەرەنگاری چینایەتی و ڕەهاییەکی پێوە دیارە، دەڵێت:

هەر کەسێ خاوەن زێروسامانە
لە ئاسمانەوە بۆی نەباریوە
یاخۆی بە دزی کۆی کردۆتەوە
یا باوکی پارەی بۆ ئەو دزیوە (کامەران، ١٩٧١، ٢٤) .

ئەوەی -کامەران- ی هێناوەتە جۆش ناهاوسەنگی ئابووری و سەروەت و سامانە، هەر بۆیە بەشێوازێک بەرەنگاری و دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەمەندان دەربڕیوە، کە لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگرنەوە.

ئەمە بۆخۆی نادادیەک لەواتای شیعرەکەدا دەردەخات، چونکە گونجاو نییە هەموو دەوڵەمەندێک دزبێ!!

لایەنگری ڕەهای کامەران بۆ هەژاران، وایکردووە دەقی لەم

شـێوازەی زۆربـێ، کـە لەگـەڵ دۆخـی واقیعـی ژیانـدا نـاگونجێ، لـە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

نامەوێ هەرگیز من دەوڵەمەندبم
وەکو ئەوانە رسواو بەپەندبم
چونکە بەتەنیا ڕەنجی هەژارە
ئەبێ بەزێڕ و سامان و پارە (کامەران، ١٩٧١، ٢٦) .

بـەڵام شـاعیر لـەهۆنراوەی (کـۆتری ئاشـتی) دا باسـێکی گشـتی و بگـرە جیهـانیش دەخاتـەڕوو واتـە بـەرەنگاری پلانـی چینـی دەرەبـەگ و باڵاکان دەوەستێتەوە و دەڵێ:

ئەوانەی کۆشکیان سەد قاتە
بادەیان خوێناوی لاتە
بۆ ئاخنینی قاسەیان
ئەیانەوێ
گەل ژێرکەوێ
کڵپەی شەڕێک هەموو جیهان
بسوتێنێ
تا ئەو زێڕی لێ دەرهێنێ

دەرخسـتی تەڵەکە و پیلانی بەرژەوەندی خوازانـەی فـەرمانڕەوا و چینەباڵاکان لەم پارچانەی سەرەوە بە ڕوونی دیـارە، ئەمـەش بـۆ خـۆی لەگەڵ ناونیشانی هۆنراوەکەدا تەواو جیاوازن.

ئەوەش بیرە قوڵەکەی بەرەنگارییە، چونکە کۆتری هێمای ئاشتی و پیلانی نامرۆڤانەی ئەوانە جۆرێک لە تێڕامان دروست دەکات.

باکی نییە
ئەو وەحشییە
خوای شەڕفرۆش

به خوێن سەرخۆش
لەوەی ئەگەر کەس نەمێنێ
شەڕانییە

شاعیر زۆرترین ناشیرینیەکانی بەرژەوەندخوازانەی دەرەبەگایەتی و سیستەمی دیکتاتۆریەت پیشان دەدات، بەڵام هیوا بڕاویش نییە و هەتاوی ئازادی دەبینێ و دەڵێت:

قەڵای هەر ئەنەوێ
سبەینێ تەختی ئەکەوێ
ئەوکەسەی بڵێ وانییە
یان لەوانە
نۆکەرانە (کامەران، ٢٠١٣، ٣٧٩) .

لەم هۆنراوەیەدا کامەران پاش نیشاندانی نادادی ستەمکاری تەنها وێنەکان ناگوێزێتەوە، بەڵکو بەرەنگاری دەبێتەوە و ڕووخانی بەبێ گومان دەزانێت و کەسانی ترساو یاخود دەرباری دەسەڵاتەکەش بە سووک و نۆکەر دەناسێنێ.

لە هۆنراوە بەرەنگارییەکانی کامەراندا بە گشتی پەیامی شیعر زاڵترە بەسەر هونەری ئێستاتیکادا، واتە سادەییەک لە هۆنەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەبینرێت، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش پێشینەی ڕۆشنبیری شاعیر و بە پێویست زانینی هۆنراوە بێ لەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کوردستاندا.

جگە لەمانە، کامەران (نووسەر، ڕۆژنامەنووس، شانۆنووس، چیرۆکنووس) هەموو ئەمانە کاریگەر بن لەسەر ڕوونی زمانی شیعری لای کامەران. لە هۆنراوەیەکی دیارتری شاعیر (هۆرەی تازە)دا، شاعیر بە شێوازێکی گێڕانەوە باس لە تەمەنی جووتیار و هەژار دەکات، کە تا مردن دەبێ خزمەتکارێکی برسی و بێ نرخ بێ بەرامبەر بە دەستەڵاتی

ئاغا، ئەم هۆنراوە قۆناغەکانی ژیان و ئازادی بینینی هەژار دەبینێ لە سایەی دەستەلاتی چینایەتی چەوسێنەرەوە، سەرەتا شاعیر بە پیشاندانی قۆناغی منداڵی دەست پێدەکات.

چاوم کاتێک کە هەڵهێنا
منداڵێک بووم ڕووت و هەژار
لە پاچەیەک خاما ژیام
ژیانێک بێ تام
وا ئاغا هات !
مناڵینە خێرا هەستن
جوان وەکو سەرباز ڕاوەستن

گەڕانەوە بۆ سەرەتای تەمەن و پیشاندانی ئەو وێنە ستەمکاریانەی، کە وای کردووە چینایەتی دروست بێ لە زاکیرە و هۆشمەندی تاکدا باس کراوە، شاعیر دواتر باس لە قۆناغی پێگەیشتنی جووتیار دەکات و دەڵێت:

بووم بەلاوێ
بازووم لێ هەڵماڵی بۆ کار
بووم بەسەپان
بووم بەجوتیار
کڕنوش بۆ بەردەمی ئاغا
ئاغای بەخشندەی بێ هاوتا

دارەدەستگرتنی منداڵی هەژار لە قۆناغی دەربەگایەتیدا، سەرەتای چەوساندنەوەی جەستەیی و ماڵوێرانی تەمەنی دنیایە.

لە قۆناغی جیاوازی چینایەتیدا بۆ نان و مانەوە، پاشکۆیەتی جۆرێکی باشە بۆ کەسانی دوور لە بەهای جوانی مرۆڤایەتی و ئایینی، زۆرجار لە مێژووشدا ئەو وێنانە باسکراون و کامەرانیش لەم

هۆنراوەیەدا پیاوانی ئایینی بەبێ ویژدان و کۆیلەی ئاغا پیشان دەدات.

وامەلا هات
مەلای چاو باشقاڵی نەفام
ئامۆژگاری چەوت و بێ تام

---

کڕنوش بۆ ئاغاتان بەرن
گەورە و بچوک بفامن
دنیا پوچە سبەی ئەمرن

لەدرێژەی هۆنراوەکەدا چەندین بابەتی تراژیدی هەژێنەر باس کراوە، بەڵام دوا بابەتێک ئازادی بۆ هەژار و جووتیار و لە ناوچوونی ئاغا و دەرەبەگە، بە جۆرێک جووتیار ئیدی خۆی بە خاوەنی زەوی و بەرهەمی هێزی خۆیی بزانێ.

بەڵام ئەمڕۆ
ئاغا ئەمڕۆ
گوێت لێ بێ چی ئەڵێم بە تۆ
ئەو زەوییە هینی منە
هی ڕەنجی شان
دەست بەری بۆ گوڵێ گەنم
لەخەلەی من
یەخەت دەگرم
واخەرمانم دەکەم مەڵۆ
ناژیم بۆ تۆ (کامەران، ٢٠١٣، ٤٢٩) .

دەرخستنی ئازادی و خۆشبەختی چینی هەژار و جووتیار بنچینەی ئەم هۆنراوەیەیە، چونکە هەموو وێنەکان پیشاندانی ئەندازەی ستەمکاری ناڕەوای ئاغایە، بەرامبەر جوتیار و داگیرکردنی زەوی و

زارە بۆ چینێکی خۆشبەخت، لەناوچوونی ستەمکاریش خراوەتە پێش چاو، واتە تەنها گوێزانەوەی وێنەی فۆتۆگرافی و بێ لایەنی شاعیر نییە.

بابەتی چینایەتی لەبەرهەمی کامەران موکریدا زیاتر پیشاندانی وێنەی چەوساندنەوەی جووتیار و هەژارانە لەلایەن دەرەبەگ و ئاغایانەوە، واتە کەمتر باس لە پلان و هۆکارەکانی ئەم چینایەتییە کراوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمان و بیری شۆڕشگێڕی زیاتر لە بەرهەمەکانی کامەراندا هەیە، نەک ئاوێتەبوون بە جیهانی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی جیهانی.

هەندێک جار پاڵنەری سێکسی دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی جووتیار و هەژاران، ئەمەش سەرباری دۆخی ئابوری و زەوی و زاری دەست بەسەرداگیراو لەلایەن دەرەبەگەوە. لە هۆنراوەی (بووکی لادێ)دا شاعیر وەک بینەرێک وێنەی تەڵەکەبازی ئاغا و دەرەبەگی فێڵباز پیشان دەدات و لە سەرەتادا باس لە دڵخۆشی و جوانی بووک و زاوا دەکات، بە بۆنەی شاییەکەیانەوە و هیوای دوارۆژیان، دواتر ستەمکاریی ئاغا باس دەکات و دەڵێت:

هەروا دوای دوو سێ مانگی تر
بەربوو لە گیانی بەگ ئاگر
پیلان، تاڵ تاڵ چنییان بۆی
زۆر ڕێگە و شوێنی دانا خۆی
ناردی بە شوێن زاوای شەنگا
لە تاریکی شەوەزەنگا
ناردی، بۆ فرمانێک، بێ دەنگ
ناردیشیە، سەر ڕێگای... تفەنگ
لەنیوە شەودا، کوتوپڕ
کوشتیان... ئاغاش فرمێسکی ڕشت !!

تا ئێرە بە جێ گەیاندنی پلانی نامرۆڤانەی ئاغا خراوەتەڕوو، دواتر ئاغا بە هەڕەشە بێ بنەماکانی دەیەوێ بابەتەکە (کوشتنی زاوا) لێڵ و تاریک بکات و بگاتە ئامانجی خۆی (هێنانی ژنی جوانی زاوا)

بمزانیایە کێ بوو... ئەمکوشت !!
کێ بوو کوشتی جووتیاری من
وادیارە، وێڵە بۆ مردن !!
دوای فرمێسکی درۆ، ڕشتن
بەڵێنی (تاوان بار) کوشتن
ژنی جووتیاری مارەکرد
خونچەی (تازە پشکوتوی) برد (کامەران، ١٩٥٧، ٢٥) .

هەرچەندە لەم هۆنراوەیەدا شاعیر تەنها وێنەی ستەمکاریی چینی دەست ڕۆیشتوو پیشان دەدات و بڕیاری خۆی نادات، بەڵام خوێنەری هۆشیار دەزانێت مەبەستی شاعیر دەرخستنی جیاوازی چینایەتی و نەپاراستنی کەسایەتی و شەرەف و ناموسی هەژارانە، بە دەست فێڵی دەرەبەگانەوە.

ئەو بابەتانەی کە دەبنە هەوێنی بەرەنگاریی زیاتر ناوخۆیی و نەتەوەییە، واتە شاعیر هەڵوێست و سۆزی دێتەکوڵ، بەڵام بابەتی نەتەوەیی دەکرێت هاوهەڵوێست و مرۆڤایەتی تێدا بێت بەوەی، کە شاعیر وەسفی شۆڕش و قارەمانێتی میللەتێکی تر بکات، ئەمەش ناکاتە ئەوەی بەرەنگاریی تەنها دەرخستنی لایەنێکی ناشازی کۆمەڵ بێ، بەڵکو چەندین جار بیری بەرەنگاریی هیوابوون و کۆڵنەدان لە خوێنەر داوادەکات بەوەی، کە ترس و داب و نەریت کۆڵیان پێنەدات.

هەرچەندە چنگی جەزرەبەی دوژمن
بگاتە جەرگ و گیربێ لە گەردن
ناتوانێ خوێنی باوەڕ بڕێژێ

کارناکاتە (بیر) ئاگر و ئاسن
تالاشە لەسەر لاشە کۆمەڵ بێ
زووتر ئەگەینە لوتکەی سەرکەوتن  (کامەران، ١٩٧١، ١٩) .

لێرەدا ئەوەی کە شاعیر بەرامبەری دەوەستێ نادادی و ستەمکارییە، ئەوەش خۆڕاگر و مێژوویییە (بیرێکی) نەتەوەیی ڕزگاریخوازانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی باڵا.

ئەم هۆنراوەیە پارچەیەکە لەگەڵ ڕۆحی تاکدا دەدوێت، کە هیچ هێزێک ناتوانێت تاسەر مرۆڤ دیل و کۆیلە بکات. کەواتە جۆرێکە لە بەرەنگاریی کە دەشێ بۆ بەرامبەری هەموو ستەمکارێک و لەهەموو کاتێکدا بەکاربێت، بەڵام بە مەرجێک تاک و کۆمەڵ هۆشیار و بە هیوابن بۆ گەیشتن بە مافەڕەواکانیان.

جیاوازی هۆنراوەی بەرەنگاری و نەتەوەخوازیش لە ڕووی باس و مەبەستەوە چونیەک نییە، پێویستە ئەوەش بزانین لە ڕووی بیروڕای گشتی هەر شاعیرێکەوە یەک ئامانج هەیە، ئەویش بەرەنگاری تۆمارکردنی وێنە و دیاردەکانە، بە شێوازێک شاعیر دژایەتی دەکات و خەڵکی لێ هۆشیار دەکاتەوە، بەڵام هۆنراوەی نەتەوەخوازی هەست و هۆشیاری شاعیرە بۆ سەرجەم ئەو لایەنانەی، کە پەیوەستن بەڕابردوو و ئێستا  و ئایندەی گەل و نەتەوە و بەشانازی و شکۆوە لەو باسانە دەڕوانرێت و شاعیر هاوهەڵوێستی بەرژەوەندی نەتەوەکەیەتی و هەندێک جار سەرکۆنەی فەرمانڕەوا و شۆڕشەکانیش دەکرێت، کە چاوەڕێی چاکتریان لێ بکرێت.

کامەران بە زمانێکی ڕوون، ئەرک بە هۆنراوەکەی ئەسپێرێ و خۆی بەپشت و پەنای هەژاران دادەنێت و دەڵێت:

لای من ئەبێ هۆنراوە بۆ هەژار بێ
دەنگی ناڵە و ڕەنجبەران و جووتیاربێ

ئەبێ قاڵبووی بۆتەی ڕەنج و خەبات بێ
ئەبێ خۆری کەلی بەرزی ئاوات بێ
ئەبێ خوێن بێ، ئەبێ نەبەرد و جەنگ بێ
نەک بە تەنیا هەر وشەی ڕەنگاوڕەنگ بێ (کامەران، ١٩٧١، ٤٣).

ئەمانەی سەرەوە دەرخستنی بۆچوونی ڕاستەقینەی کامەرانە، کە زیاتر گرنگی بە ئەرکی کۆمەڵایەتی و پەیامی هۆنراوە دەدات. بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی ئامانجە سەرەکیەکانی، لابردنی دۆخی نالەبار و بەدیهێنانی ژیانێکی گونجاوە بۆ مرۆڤایەتی، کە ئەمەش پێویستی بە زمانێکی ئاشنایە لای ئەو خەڵکەی، کە شاعیر ڕووی هۆنراوەیانی تێدەکات ((چینی زەحمەت کێش پێویستی بە زمانێکی سادە و ڕوون هەیە، بە شێوازێک بگونجێت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و زانستییاندا، زۆرجار پێویستی بە زمانی میللی دەبێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە ئاسانی لەگەڵ دەقەکانی ئاوێزان بن)) الخطیب، ٢٠٠٩، ٦٩. کامەرانیش بەوشەی گڕاوی ڕەفزی هەموو جۆرە ژیانێکی ژێردەستەیی دەکاتەوە و دەڵێت:

ژین کە دیلی بێ سەرومڕ
ئیتر بۆچی نەبین بەگڕ
تا خوێنمان نەڕژێتە گڵ
هەرگیز ناگەشێتەوە گوڵ
بەم تێکۆشانە گەلی کورد
ئاگرە گەشەکەی هەڵکرد
هەڵئەسا لە دڵەوە بەجۆش (کامەران، ٢٠١٣، ٣٨٦) .

ژیانێک کە ئازادی تیادا نەبێ، هەردەم گرفتی شۆڕش و سەرکوتکردن هەیە، شاعیرانیش چ بەزمان و چ بە چەک دەچنە خانەی تێکۆشەرانی گەلەوە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەییان، چونکە ((بەبێ دیموکراتی و ئازادییە دیموکراتییەکان نەمەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر

دەکرێ نەهیچ نەتەوەیەک، مافە نەتەوەییەکانی دەست دەکەوێت)) (قاسملۆ، ١٩٧٣، ٣٠٩) ئەو کاتەش ئەرکی شاعیر پەیوەست بە ئامانجی گەل گرانتر دەبێت، چونکە شاعیر خۆی بە بەشێک لە کایە گشتییەکەی دەوروبەری دەزانێت و هۆنراوەش دەبێتە هاواری ژان و مەینەتییەکانی گەلەکەی ((ئەدەب لە نێو گەلێکی بێ بەش لە ئازادی سیاسی، دەبێتە تاکە سەکۆیەک، کە دەتوانێ تیایدا هاوارەکان بگەیەنێ و هۆشیاریی ەکەی بەرجەستە بکا )) (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٧ : سرکیس، بلا، ٧٠) .

ئەمەش وادەکات شاعیر کەرەستە (چیا، دۆڵ، مانگ، ئەستێرە، ئاگر، گوللە...) بەکاربهێنێت، چونکە لای خەڵک ناسراون و هێمای هەڵوێستی بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی دەستەڵاتی ستەمکارانە، هەر بۆیە کامەران لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

به پەیژەی هەورا بچم بۆ ئاسمان<br>
مانگ و ئەستێرە بۆ کورد داگرم<br>
وەک شاخی سەختی گمۆ بە سنگم<br>
ورووژمی گوللەی دوژمن ڕاگرم<br>
هێشتا هەر دڵم ئاو ناخواتەوە<br>
تا (ئاواتی کورد) ڕۆژ نەکاتەوە (کامەران، ١٩٧١، ٥٥) .

هەڵچوونی سۆزی خۆشەویستی شاعیر گەیشتووە بە ئاستێک، کە پێش شەهید بوونی دەخوازێت مەحاڵ ئەنجام بدات بۆ نەتەوەی کورد ئەستێرە دابگرێت، کە ئەویش ئەوپەڕی مەحاڵ و هەستی خۆشەویستییە.

وەک شاخی سەختی گمۆ بە سنگم<br>
ورووژمی گوللەی دوژمن ڕاگرم<br>
ئەو پەڕی لێکچواندنی جوان و باڵای بەکارهێناوە<br>
من ( لەشی من ) سنگم : لەوچوو

وەک :    ئامراز
شاخی سەختی گمۆ :  لێچوو
ڕووی لێچواندن :  بەرگری لە گوللە و ستەمی دوژمنە
کـە ئەمانـە ئەوپـەڕی نەتـەوەیی بـوونی کامـەران نیشـان دەدات و ئـەوەش، کـە بـەرەنگاری دەوەسـتێ (دوژمـن )ە ئیـدی لـە هـەر جێگـە و فۆرمێکی جیادا بێت .

**ئەنجام**

دەتوانین لەچەند خاڵێکدا ئەنجامی توێژینەوەکە بخەینەروو:

١-کلتـوری نەتـەوەیی سـەرچاوەیەکی بـەپێزە بـۆ برەوپێـدانی بوارەکـانی ئـەدەبیات بەگشـتی و دەبێتـە بنـەمای ئیلهـام لای زۆربـەی شاعیران و ئەدیبان.

٢-هەنـدێ لـەو کلتـور و داب و نەریتانـەی کـە سـەپێنراون، جـا کلتوری نەتەوەی سەردەستە بێت، یاخود هەندێ لە کلتورە ئایینییەکان، کـە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتدارەکانی تیـا پـارێزراوە و لەگـەڵ زەمینـەی نەتەوەیـەکی تـردا ناگونجێـت، ئـەو کـات شـاعیران و رووناکبیرانی نەتـەوەی بـن دەسـت، بەرپـەرچی دەدەنـەوە و خـەڵکی لـێ هۆشـیار دەکەنەوە.

٣-بـەرەنگاری خـۆی لەخۆیدا، رەتکردنـەوەی ئـەو داب و نـەریت و سەپاندنانەیە، کە بە زۆرەملێ خراونەتە ئەستۆی خەڵکی و رۆشنبیران ، رەتی دەکەنەوە و بەرەنگاری دەبنەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: نامەی ئەکادیمی :**

**أ) ماستەر .**

١- ئیسماعیل، نەسرین رەئووف (٢٠٠٧)، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
٢- سەلام، ژوان عەبدول (٢٠١٤)، شێواز لە شیعرەکانی –کامەران موکری- دا لە ژێر رۆشنایی قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیوشپیتزە)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣- عبید، ئەرخەوان محمد (٢٠١٤)، دیاردەکلتورییەکان لە (مەم وزین)ی – ئەحمەدی خانی-دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٤- محمد، یوسف ئەحمەد (٢٠١٤)، شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ریالیزمیدا (١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماستەر" زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**دووەم: کتێب :**

٥- حسین، هیمداد (د.) (٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی/باز.
٦- خۆشناو، ئەبوبکر (٢٠٠٢)، شیعری بەرەنگاریی کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، کۆمپیوتەری چاپی رووناکبیران، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٧- سابیر، پەرێز (د.) (٢٠٠٦)، رەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٨- عومەر، یاسین (٢٠٠١)، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٩- قاسملۆ، عبدالرحمن (١٩٧٣)، کورد و کوردستان، بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، وەرگێرانی: عبداللەی حەسەنزادە، ئێران.
١٠-کامەران (١٩٥٧)، دیاری، چاپخانەی مەعارف، چاپی یەکەم، بەغداد.
١١-کامەران (١٩٥٩)، گوڵ و ئەستێرە، چاپخانەی کامەران، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٢-کامەران (١٩٦٨)، ئاوات و رەنج، چاپخانەی کامەران، چاپی یەکەم،

سلێمانی.
١٣-کامەران (١٩٧١)، گوڵاڵەسوورە، چاپخانەی راپەڕین، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٤-کامەران (١٩٧١)، زەبری هۆنراوە، چاپخانەی راپەڕین، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٥-کامەران (٢٠٠٥)، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، ئامادەکردنی: رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی: صدیق سالح، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی.
١٦-کامەران (٢٠١٣)، دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی: د.عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی دووەم،
١٧- کۆمەڵێ نووسەر (٢٠٠١)، بیری ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی موکریان،چاپی یەکەم..
١٨-موکریانی، هەژار (١٣٨٥ی هەتاوی)، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، چاپیخانەی سروش، چاپی پێنجەم، تهران.

**ب- عەرەبییەکان**

١٩-الخطیب، أحمد مثنى( أ.د. ) (٢٠٠٩)، درسات في الشعر العربي المقاوم، الطبعة الاولى، الاردن، العمان.
٢٠-سرکیس، احسان، (بلا)، الادب والسیاسة، دارالطبعه، بیروت.

**سێیەم: گۆڤار**

٢١-ئاکرەیی، نافع (د.) (١٩٨٥)، کەلەپور لە شیعری هاوچەرخ دا، گۆڤاری: نووسەری کورد، خولی سێیەم، ژ=٢ ، ئاب.

**چوارەم: وانەی زانکۆیی:**

٢٢-بەرزنجی، عثمان عبدول (د.) (٢٠١٣-٢٠١٤)، شیعری سیاسی و بەرەنگاربوونەوە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەبی هاوچەرخ، قۆناغی چواری بەکالۆریۆس، کۆلیجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

## ملخص البحث

## المقاومة وانعكاساتها على قصائد كامران موكري

يشير هذا الموضوع الى ان تكوين المجتمع الانساني يختلف باختلاف الشعوب والامم، حيث يوجد لدى الشعوب المضطهدة ظلم وجور كثير، يقترف بحق الشعوب المضطهدة ولم يوجد عندهم نظير له، مثل الاختلافات القومية من الظلم والجور، التي ترتكب بحق الشعوب المضطهدة، خصوصا في السلطات الشوفينية والعنصرية.

لكن بالنسبة الى الفروق الطبقية فانها ماثلة عند كثير من السلطات، رغم انها تدعي الانسانية.

عنوان البحث: المقاومة وانكاساتها على قصائد كامران موكري، ويتكون من ثلاثة مباحث:

**المبحث الاول:** المقاومة الثقافية:

يتناول الثقافة والعادات والتقاليد الدينية والاجتماعية، حيث ترفض ثلة من تلك العادات والتقاليد من قبل بعض الشعراء والمثقفين، ويوقظون الشعب من تلك المظالم التي اقترفت ازاءهم باسم الدين والعادات والتقاليد، وهي بعيدة كل البعد من القيم الدينية والانسانية.

ولكن في الوقت نفسه، ينيرون سبيلهم صوب تلك القيم الوطنية التي هي انعكاس اساس ووجود الشعوب، ويعدونها قيما ميمونة.

**المبحث الثاني:** مقاومة العادات والتقاليد في قصائد كامران موكري

في هذا المحور يقوم الشاعر، بشكل صارم، برفض تلك العادات والتقاليد التي هي مفروضة لصالح طبقة او جماعة من الناس، على اغلبية المجتمع، ويقف ضدها من خلال لغته الخشنة ومواقفه الانسانية والقومية، ويوقظ الناس منها ليقاوموها.

**المبحث الثالث:** مقاومة الفروق الطبقية والقومية:

وقف الشاعر كامران، وبكل شجاعة، موقف مقاوم صارم تجاه اي

ظلـم وجـور يواجـه شـعبه، سـواء كـان اشـكالية الفـروق ام الاشـكاليات القومية، اذ انـه لـم يكـن ينظـر الـى مصـائب شـعبه كمتفـرج قـاص، بـل هـو دوما واجه شتات الظلم، وخير دليل على هذا، هو اعتقاله لمرات عديدة.

**الكلمات الدالة:** المقاومة - الثقافة - العادات و التقاليد .

## Abstract

### Resistance and its reflections in the poems of Kamaran Mukri

This study consists of three main sections: the first section is devoted to shed light on cultural resistance. Cultural resistance, to some poets and intellectuals, means to resist and reject the imposed customs and traditions which are made to enlighten the nation about the oppression and tyranny being committed to them in the name of religion and customs that are far from all religious and social values. But at the same time, they enlighten and sanctify the national customs and traditions that reflect the foundation and existence of the nation.

The second section is dedicated to discuss resistance to traditions and customs in Kamaran's poems: in this part, the poet strongly rejects some of the customs that are in the interest of a class or group of people and imposed on society. He responds to them with harsh language and his anthropophagic and national attitude and warns people to resist them.

The third section is allocated to focus on resistance to class and ethnic differences:

Kamran has shown a strong resistance to any oppression that has faced his nation, whether it is class-related or national-pertained problems. Because he has never looked at the suffering of his nation as a spectator but has always fought against any injustice and has been imprisoned several time This tells us that he has always been attitude-oriented.

**Key Words:** Resistance - Culture - Traditions and Customs.